# دەسەڵاتو هەواڵگری لەسوریا




بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لەم هەلومەرجەی ئێستادا بایـەخێکی زۆری هەیـە چونکە قـەیرانی سـوریا سـەرباری ئـەوەی کاریگـەریی زۆری لەسـەر ناوچـەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، دوراییەکی نێودەوڵەتیشـی وەرگرتـوەو کاریگـەریی زۆری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەجێ هێشتووە.

کتێبەکە کەنوسەرەکەی دکتۆر رەزوان زیادەیەو ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن خانەی ریاز ئەلرەیسەوە دەرچووە، زانیارییەکی زۆر سەبارەت بەپێکهاتەی رژێمی سوریاو دەزگا ئەمنییەکانی بۆ خوێنەر دابین دەکاو لەدوتویی ٣٥٠ لاپەڕەی قەوارە بچوکداو بەدرێژایی پێنج بەش سەربهوردەی هاتنە سەر کاری حزبی بەعسو چیرۆکی دەستڕۆیشتویی بنەماڵەی ئەسەد دەگێڕێتەوەو وردەکارییەکانی میراتی بنەماڵەکە لەباوکەوە بۆ کوڕ بەشێوەیەکی زانستی تاوتوێ دەکا. لەبەشەکانی تردا کتێبەکە باسی راپەڕینی سوریا دەکاو هەڵکشانی ئۆپۆزیسیۆن دەخاتە بەرچاوو سیاسەتی سوریا لەسەردەمی بەشار ئەسەد مشتوماڵ دەکا.

بەشێکی کتێبەکەش بۆ رۆڵی ئیخوان موسلمین لەمێژوی سیاسیی سوریاو راپەڕینەکەی ئەمڕۆ تەرخان کراوە. شایانی باشە کەئەم کتێبە لەبنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیەکە سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسیو ستراتیجیی سوریا لەواشنتن ئامادەی کردووەو نوسەری کتێبەکە هەمان بەڕێوەبەری راپەڕاندنی سەنتەرەکەیە.